**سێیەم: شیکردنەوەی تاوان لەڕوانگەی ماکس ڤیبەر.**

ماکس ڤیبەر هەوڵی داوە شیکردنەوە بۆ ڕەفتاری مرۆڤ بکات و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دابەشی سێ جۆر دەکات کە بریتین لە:

**١- ڕەفتاری غەریزی:**

سەرچاوەی ئەم ڕەفتارە مەیل و حەزێکی ئاژەڵی و بایۆلۆژییە. لە نەستەوە سەرچاوە دەگرێت، تاك پاڵ دەنێت بۆ تێرکردنی حەز و داواکاریەکانی، بێ ئەوەی بیر لە ئەنجام و ئایندەی ئەم رەفتارە بکاتەوە. ئەم جۆرەی ڕەفتار لەبەرامبەر (من ID) ی تیۆرەکەی فرۆیدە وەك ئەنجامدانی ڕەفتاری(خواردن، خواردنەوە، سێکس، خەو، ڕشتنی پاشەڕۆ، خۆڕزگارکردن لە مەترسی،......)

**ڕەفتاری کۆمەڵایەتی نەریتی:**

ئەم ڕەفتارە لە داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت. یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان؛ ڕەفتار و هەڵس و کەوتی تاکەکان دیاری دەکەن. هەر بەپێی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەش تاك ئامانج و نەخشەی ئایندە و حەز و خۆزگەکانی دیار دەکات. نەریتی کۆمەڵگە و گروپ؛ زۆرجار تاوان و ڕەفتاری نامرۆڤانە بە مرۆڤ دەکات و دەکرێت وەك هۆکارێکی تاوانکردن سەیری بکەین.

بۆنمونە (ژن کوشتن، شەڕە عەشیرەت، ناوچەگەری، تۆڵە کردنەوە،....)، ڕەفتاری نەریتین.

**ڕەفتاری کۆمەڵایەتی عەقڵانی :**

ئەمە ڕەفتارێکە لەسەر بنەمای ئەقڵ و لۆژیك دامەزراوە و سەرچاوەکەی خودە. لە ئامرازەکانی کاری کۆمەڵایەتی تاکەکاندا نمونەیەکی پێشکەوتووتر دەردەکەوێت. وەك بەکارهێنانی زمانێکی باڵا یان ئاخاوتنێکی ژیرانە بۆ تێگەیشتن و ڕەتکردنەوەی بیروبۆچوونی یەکتری و بەڵگەی لۆژیکی بەکاردێنن.

**ماکس ڤیبەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەقڵانی بۆ سێ جۆری لاوەکی دابەش دەکات :**

**أ- بە ئامرازێکی عەقڵی بۆ ئامانجێکی نا عەقڵی:**

دەکرێت ئەم جۆرەی ڕەفتاریش ببێتە هۆی تاوانکردن و تاوانی پێ شیبکرێتەوە. بۆنمونە: بازرگانێکی ماددە هۆشبەرەکان پێویستی بە ئامرازی ئەقڵییە وەك ئەوەی(چۆن ماددەی هۆشبەر بکڕێت، چۆن دور لەدەستی هێزە ئەمنییەکان بیگوازێتەوە، پێویستە غەرامی بەچەند بدات و چەند قازانج بکات،....). بەڵام ئامانجەکەی نا ئەقڵییە و خزمەت بە کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی ناکات؛ چونکە بێ سودە و خەڵك ئالودە دەکات.

**ب- بە ئامرازێکی ناعەقڵی بۆ ئامانجێکی عەقڵی :**

لقی دووەمی جۆری سێیەمی ڕەفتارە لای ماکس ڤیبەر، ئەم جۆرەیان پێچەوانەی لقی یەکەمە. دەکرێت ئەم جۆرەش ببێتە هۆی تاوان و تاك بیر لەتاوان بکاتەوە بۆئەوەی بە ئامانجەکانی بگات. بۆنمونە(کەسێك پاسپۆرت تەزویر دەکات تاکو سەفەر بکات بۆ ئەو وڵاتەی دڵی دەیخوازێت، قوتابییەك قۆپییەدەکات تاکو لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو بێت و بڕوانامە بەدەست بهێنێت، بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە پێناو دەوڵەمەند بوون، قوتابییەك توێژینەوەیەك دەکرێت و بەناوی خۆیەوە بڵاوی دەکاتەوە تاکو لە قۆناغی چوارەمی زانکۆ سەرکەوتوبێت......)

**ج- بە ئامرازێکی ئەقڵی بۆ ئامانجێکی ئەقڵی :**

بە تێڕوانینی ماکس ڤیبەر ئەم جۆرەی ڕەفتار نمونەی باڵای ڕەفتاری مرۆڤە. پێی وایە کاتێك مرۆڤەکان بەم جۆرە ڕەفتار دەکەن کۆمەڵگەیەکی نمونەیی و ئارام دروست دەبێت. لەم جۆرە ڕەفتارەدا پەنا نابرێتە بەر تاوان و کاری نایاسایی..

بۆنمونە( قوتابییەك خۆی ماندو دەکات و تێدەکۆشێت تاکو لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوبێت، کەسێك وەرزش دەکات تاکو کێشی خۆی دابەزێنێت، کەسێك ڕێزی خەڵك دەگرێت تاکو ڕێزی بگیرێتەوە، نوسەرێك کتێب دەنوسێت تاکو خزمەت بکات و ناوی بمێنێتەوە....).

**تیۆری لاسایکردنەوە I mt ai on t heor y:**

گابریل تارد، کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەرەنسی و دەرچووی زانکۆی پاریس؛ داڕێژەری ئەم تیۆریە. تارد نوسەری چەند کتێبێکە لەسەر تاوان وەك (تاوانی بەراوردکای Compar at i ve Cr i mi nal i t y) لە ساڵی( 1890)، (یاساکانی لاسایکردنەوە The l aws of i mi t ai on)، (فەلسەفەی سزا) لە ساڵی(1895)، (توێژینەوە سزایی و کۆمەڵایەتییەکان) لە ساڵی (1891) ... هتد). هەموو جۆرە ڕەفتارێکی مرۆڤ جۆرێکە لە لاسایکردنەوە و پاڵ بە خەڵكییەوە دەنێت بۆ دوبارەکردنەوەی.

**لاسایکردنەوەش پشت بە سێ یاسای چەسپاو دەبەستێت کە بریتین لە:**

**یاسای یەکەم: تاکەکان بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە لاسایی یەکتر دەکەنەوە:**

لەشاردا تاکەکان زیاتر لاسایی یەکتر دەکەنەوە؛ بەڵام لە گوند ڕەهەندی کارتێکردن کەمە بۆیە لاسایکردنەوە کەم و لاوازە. تاك هەرچەندە لە گروپی زۆرتر ئەندام بێت ئەوەندە زۆرتر لاسایی دەکاتەوە و چەند پەیوەندی نزیکتربێت ئەوەندە بەهێزتر لاسایی دەکاتەوە.

**یاسای دووەم: لاسایکردنەوە لە بەرزەوە بۆ نزم دێت:**

هەژار لاسایی دەوڵەمەند دەکاتەوە، بچوك لاسایی گەورە دەکاتەوە، فەرمانبەسەرکراو لاسایی فەرماندە دەکاتەوە، گەل لاسایی سەرکردە دەکاتەوە.

بۆنمونە: گەندەڵی، مەی نۆشین، ساختە و بەرتیل خۆری، بەکرێ گرتنی پیاوکوژ، ڕابواردن لەگەڵ لەشفرۆش،.... هەمووی سەرەتا کاری دەسەڵاتدار و پاشا و چینی پلەبەرزەکانی کۆمەڵگەیە؛ بەڵام بەهۆی لاسایی کردنەوەوە هەموو گەل فێری ئەم کردەوانە دەبێت. هەتا تاك خاڵی هاوبەشی زیاتر بێت لەگەڵ سەرکردەکان، زیاتر لاساییان دەکاتەوە.

**یاسای سێ یەم: یاسای ئاوێتە بوون یان تێکهەڵکێش بوونی مۆدە و نەریت :**

واتە جێگرتنەوەی شێوە و ستایلێك بە یەکێکی دیکە. بۆ نمونە: کوشتن بە چەقۆ یان شمشێر وەك کەرەستەی تاوانکاری لەلای زۆربەی گەلان بەکارهاتووە. کاتێك ئامرازێکی تازەی وەك دەمانچە دروستکرا ئەوا جۆری کوشتن و تاوانیش گۆڕا.

**پێنجەم: ئەلبەرت کۆهین :**

کۆمەڵناس و تاواناسێکی ناوداری ئەمریکییە؛ لە نێوان( 1918 – 2014 )ژیاوە. کۆهین سەرۆکی کۆمەڵەی تاوانناسانی ئەمریکا بوو لەنێوان ساڵانی( 1984 – 1985 )، بۆ ماوەی دوو ساڵ قوتابی تالکۆت پارسۆز بوو و لەژێر سەرپەرشتی پارسۆنزدا تێزی دکتۆراکەی لەزانکۆی هارڤارد نوسی؛ لە ساڵی 1951 تەواوی کرد پاشان لە 1988 خانەنشین کرا.

ئەو پێی وایە کاتێك تاك لە شوێنێك دەژی کە وردە کەلتوری تاوانکاری تێدایە؛ تاك بەهۆی فێربونەوە فێری تاوان دەبێت. ئەوانەی هەمان دۆخی ژیانیان هەیە بەگشتی هەمان ڕەفتار و چارەنوسیان هەیە.

**تیۆرەکەی لە بواری تاواناسی ناوی ( Del i nquant e Boys)ە :**

ئەم تیۆرە نایەوێت شیکردنەوە بۆ هەموو تاوانەکانی کۆمەڵگە بکات؛ بەڵکو تەنها بەدوای ئەو هۆکارەدا دەگەڕێت کە ئایا بۆچی زۆربەی تاوانکاران لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەن؟ کۆهین لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە:

منداڵان پێش ئەوەی بچنە قوتابخانە لە ژیانی ماڵەوەیاندا لەجیهانی خەیاڵدا دەژین و خەون بە ئاسۆیەکی ڕونەوە دەبینین، جیهان وەك بەهەشتێکی بچکۆلەیە لەبەرچاویان. بیرلەوە دەکەنەوە کە گەورەبون ژیانیان چۆن بێت و چۆن خەونەکانیان بەدی بهێنن!!.

ئەم خەونانە لە کۆمەڵگەوە بەتاك دەدرێت، هیوا و ئامانجەکان لەکۆمەڵگەوە لە دڵی تاك دەچەسپێت، منداڵ لە چاوی خۆیەوە سەیری ژیان دەکات و لە بەربەست و ئاستەنگەکان تێناگات. کاتێك ئەم منداڵانەی چینی خوارەوە دەچنە قوتابخانە و پاشان دەبنە هەرزەکار، چەندین بەربەرست و لەمپەر

دێتە پێشیان، وەك (هاوڕێکانیان ئاستی ئابورییان باش نییە، دایك و باوکی ئەم هەرزەکارانە بەگشتی خوێندەوار نین، یان کاتێك یەکێك (دایك، باوك) گیان لەدەست دەدەن ژیانی ئەمانە قورستر دەبێـت، هەندێك جاریش لەوانەیە منداڵەکان کاربکەن و ئەندامی خێزانیان زۆرە، منداڵ و هەرزەکارەکان ژوری تایبەت بەخۆیان نییە، ناتوانن کرێی خوێندن بدەن تاکو بچنە قوتابخانەی تایبەت و نمونەیی....). دواجار بەهۆی ئەم بەربەستانەوە ئەم گەنجانە ناتوانن سەرکەوتوو بن لەخوێندن و هەموو پۆلەکان ببڕن.

**لەکۆتایدا بەگشتی دەبنە سێ دەستە:**

**١- کوڕی کۆلێژ Col l eg e Boys:**

ئەمانە بەهاوکاری ماڵەوەیان، بەهۆی پێداگری خۆیان، دەتوانن بەسەر هەموو ئاڵەنگارییەکان زاڵبن و زانکۆ تەواو بکەن. ئەمانە کەمینەی چینی خوارەوەن و دەیانەوێت ببنە ئەو کەسەی کە کۆمەڵگە پەسەندیان دەکات. بڕوانامە دەرفەتیان دەداتێ تاکو بتوانن ژیانێکی باشتر بۆخۆیان دروست بکەن، ئەمانە بەهۆی ئەوەی بڕوانامەیان هەیە و قوربانییەکی زۆریان داوە دەتوانن ببنە کەسێکی سەرکەوتوو و دوور دەبن لە تاوان.

**٢- کوڕانی سەرشەقام Cor ner boys:**

ئەمانە واز لەخوێندن دەهێنن، دەرفەت و کاتەکانیان لەدەست دەدەن. چانس و ژیانێکی سنورداریان هەیە. کاری پچڕ پچڕ و کەم داهاتی دەبێت، بەگشتی ژیانێکی هەژارانەیان دەبێـت و لای کەسێك کاردەکەن، دەبنە کرێکار و خزمەتگوزار لە کۆمەڵگە.

**٣-گەنجانی لادەر Del i nquent Boys:**

ئەمانەش واز لەخوێندن دەهێنن، هاوڕێی خراپیان دەبێت، حەزی هەبون و ژیانی خۆش وایان لێ دەکات بیر لە تاوان و لادان بکەنەوە. دەزانێت دەرفەتە ڕەواکانی لەدەست چووە و ناتوانێت ئەوشاتانەی هەبێـت کە بەمنداڵی خەونی پێوە بینیوە. بەڵام دەشیەوێت ئەوشتانەی هەبێـت کە کۆمەڵگە بۆ تاکی دیاری دەکات و ناتوانێـت دەست بەربدات لە خەونەکانی منداڵی. بۆیە پەنادەباتە

بەر تاوان و لادان، بۆیە دژی کۆمەڵگە دەوەستێتەوە و تۆڵە لە کۆمەڵگە دەکاتەوە چونکە ئەمی لە ژیانێکی خۆش و دەرفەتە ڕەواکان بێبەری کردووە.

**تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی social control theory:**

پێشەنگەکانی ئەم تیۆرە سودیان لە تیۆری ئانۆمی دورکهایم وەرگرتووە، پێیان وایە لاوازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و لاوازی ئینتیمای تاك لە کۆمەڵگەدا هۆکاری سەرەکی تاوان و لادانە. تراڤیس هیرشی تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە کتێبەکەیدا بەناوی( causes of delinquency هۆکارەکانی پێشێلکاری)، لەساڵی 1969 بڵاوی کردەوە. پێی وایە لادان و تاوان کاتێك ڕودەدات کە پەیوەندی تاك بەکۆمەڵگەوە لاوازبێت. نەمانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ئازادبونی تاك لە ڕەفتار سەرئەنجام تاوان و لادان دروست دەکات.

**ئەو دەڵێت تاك بە چوار پەیوەندی دەبەسترێتەوە بە کۆمەڵگەوە :**

**١- ئینتیما و وابەستەیی Attachment :**

دەزگاکانی بەکۆمەڵایەتیکردن کۆمەڵێك نۆرم و یاسا دەدەنە تاك و لە دەرونی جێگیری دەکەن، پێی دەڵێن چی باشە و چی خراپە؟ چی پەسەندە و چی ناپەسەندە؟... هەتا تاك ئینتیمای بۆ ئەو یاسا و نۆرمانەی کۆمەڵگە زیاتربێت کەمتر توشی تاوان دەبێت و بەپێچەوانەشەوە .

**٢- بەڵێن و پابەندی Commitment :**

تاك خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت کە نابێت زیانی بۆ ئەوانی تر هەبێت، کاتێك ئەم هەستەی دەبێت توشی تاوان و لادان نابێت.

**٣- بەشداری و تێکەڵ بوون Involvement :**

بەشداریکردن لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و سەرقاڵ بون بە کار و پیشە جیاوازەکانەوە دەرفەتی تاوانکردن کەم دەکاتەوە، ئەوانەی سەرقاڵی (کار، وەرزش، ژیانی کۆمەڵایەتی، خوێندن....)ن فشار و دڵەڕاوکێیان کەمترە بۆیە هەتا تاك تەنیاتر و دواتر بێت لە کۆمەڵگە و فشاری زیاتر لەسەربێت زیاتر لە تاوان نزیك دەبێتەوە.

**٤-بیروباوەڕ Belief :**

هەتا بیروباوەڕی تاك لەگەڵ کۆمەڵگەدا تەبابێت و بیروباوەڕی کۆمەڵگە لای تاك بەهادارتربێت، کەمتر توشی تاوان دەبێت، بڕوا بە سیستەم و بەهاکانی کۆمەڵگە وا لەتاك دەکات پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە بەهێزبێت، بەمەش دورتردەکەوێتەوە لە تاوان و لادان.

**هێرشی دوو کۆنترۆڵ دیاری دەکات کە وا لەتاك دەکات دوربێت لەتاوان و لادان :**

**١- کۆنترۆڵی خودی یان دەرونی internal control :**

ویژدان، هەستی بەزەیی، ترسان لە ئازاری پەشیمانی، پاراستنی دەستکەوتە خودییەکان، وا لەتاك دەکات کۆنترۆڵی خۆی بکات و لەتاوان دوربێت.

**٢- کۆنترۆلی دەرەکی (فەرمی و نافەرمی) external control:**

کامیرەی چاودێری، قوتابخانە، خانەی خواپەرستی، تەمبێ کردن، ئابڕوچون و پیشاندان لە تیڤی، زڕانی ناوبانگ.... وا لەتاك دەکات کە لە تاوان کردن بترسێت. بە نەمانی ئەم دوو هۆکارە ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگە زۆر و بڵاو دەبێت. ئەوەی شایەنی باس و سەرنجە، لە ئیسلامدا، جگە لەم دوو ئامرازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، ئامرازی سێیەمیشمان هەیە؛ ئەویش کۆنترۆڵی خودی ئیمانییە (پەیوەندی نێوان تاک و خودا، ترسان لە سزای خودایی لە هەردوو دونیا). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سیستمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا، زیاتر تۆکمەترە و بەهێزتر و لۆژیکیترە بۆ پارێزگاریکردنی تاک و کۆمەڵگا و دوورکەوتنەوە لە تاوان.

**تیۆری پەنجەرەی شکاو Broken window theory:**

فیلیپ زیمباردۆ لە توێژینەوەکەی خۆیدا، تاقیکردنەوەیەکی ئەزمونی ئەنجامدا لە ساڵی 1969. زیمباردۆ دوو ئۆتۆمبێلی وەك ئامرازی توێژینەوەکەی بەکارهێنا، ئۆتۆمبێلی یەکەم بارهەڵگرێکی بێ ژمارە بوو؛ و لە ناوچەی **Bronx** داینا کە دورترین ناوچەی باکوری شاری نیۆرکە. دووەم ئۆتۆمبیلی بێ ژمارەی لە ناوچەی پالۆ ئاڵتۆ لە کالیفۆرنیا داینا.

دوای بەجێ هێشتنی هەردووکیان؛ ئەو سەیارەی کە لە برۆنکس بوو لە ماوەی چەند خولەکێك سێ کەس هاتن ڕادێتەر و پاترییەکەیان دەرهێنا، یەك سەعات دوای ئەوە هەموو بەشەکانی سەیارەکە لێکرایەوە و بەتاڵان برا، بەجۆرێك تێکدرا منداڵەکانی ئەو ناوچەیە یارییا تێدا دەکرد؛ بەڵام هەمان ئەو سەیارە بێ ژمارەیەی کە لە کالیفۆرنیا دانرابوو دوای یەك هەفتە وەك خۆی مابویەوە و کەس دەستکاری نەکردبوو؛ هەتا ئەوکاتەی زیمباردۆ بەدەستی ئەنقەست فلچە و جامێکی سەیارەکەی شکاند؛ پاشان خەڵکی دوای ئەم؛ یەك بەیەك دەهاتن، هەریەك پارچە و بەشێکی سەیارەکەی دەشکاند و دەبرد. .

**دەرەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە پێمان دەڵێت کە :**

ئەگەر لە هەنگاوی یەکەم چاوپۆشی بکرێت و پشتگوێ بخرێت ئەوا هەنگاوی دووەمی بەدوادا دێت چونکە وادەزانرێت کۆنترۆل و چاودێری و لێپرسینەوە نییە، پاشان هەرکەس بۆخۆی دەبێـت و یاسا سەروەرنابێت. ئەم تیۆرە بۆ مرۆڤەکانیش ڕاستە؛ کاتێك کەسێك تاوانێکی لەگەڵ کراوە و بایەخی پێنادرێت و لەبەرئەوەی لە پێگە و چینێکی نزمی کۆمەڵگەیە.

**تیۆری لەکە ( الوصم) l abel i ng:**

هەردوو زانا ئێدواین لیمێر E.MLemer و هاوارد بیکەری H.Becker ئەمریکی ئەم تیۆرەیان دامەزراندووە، پاشان بارنز لی لە کتێبی (بێگانەکان: چەند توێژینەوەیەك لە کۆمەلناسی لادان) چەندین زانیاری بۆ ئەم تیۆرە زیادکرد، ئەم تیۆرە بەشێکە لە تیۆری ڕۆڵ و باس لە ڕەفتاری تاك دەکات لە کۆمەڵگەدا، لە ڕاڤەکردنی ڕەفتاری تاوانکاری و لادەری بەکار دەهێنرێت.

ئەم تیۆرە جەخت دەکاتە سەر تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئاکاری تاك؛ کاتێك لە کۆمەڵگەدا تاوانێك ئەنجام دەدات لەوە بە دواوە کۆمەڵگە تێڕوانینێکی جێگیر و نەگۆڕی دەبێت بۆ ئەو تاکە. کاتێك تاك خۆی دەبینێتەوە کە بە درێژایی ژیانی تۆمەتبار دەکرێت بە ئەنجامدانی تاوان، ئەو کات هەرگیز ناتوانێت بۆ باشتر بگۆڕیت و لە کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەت بێزار دەبێت.

لێرەدا کۆمەڵگە تاوانکار ناچار دەکات دووبارە تاوان ئەنجام بداتەوە، ئەمەش وەك تۆڵەکردنەوەیەتی لە کۆمەڵگە.

هەروەها هەندێك كەس تاوان ئەنجام دەدەن بەڵام كۆمەڵگە (لەكە)یەكی-ئاماژەیەكی پۆزەتیڤی هەیە بۆیان. چونكە سەر بە ناوەندیكی كۆمەڵایەتی بەرزن و ئاستی ئابوریان بەرزە؛ لەو كاتەدا كارداناوەی ئەمان بریتییە لەوەی بە هەمان شێوە تۆڵەی خۆیان لە كۆمەڵگە دەكەنەوە و پێیان وایە كۆمەڵگە نەزان و گەوجە ئەگەر تاوانی گەورەتریش بكەن كەس پێیان نازانێت.

**تیۆری هەڵوەشانەوەی كۆمەڵایەتی :**

خاتوو تۆرستن سیلین **Johan Thorsten Sellin** ڕابەری ئەم تیۆرەیە. ئەو لە توێژینەوەكەی خۆیدا بەوە گەیشت كە ڕێژەی تاوان لە شارەكانی ئەمریكا زۆر زیاترە بە بەراورد لە گوندەكانی ئەمریكا. بۆیە بەراوردی كۆمەڵگەی شارنشینی كرد لەگەڵ كۆمەڵگەی گوندنشینی لە چەندین بوارێكی جیاوازدا.

دواجار بەو دەرئەنجامە گەیشت كە هۆكاری زۆری تاوان لە شارەكاندا، بەهۆی هەڵوەشانەوە و لێكترازانی كۆمەڵایەتییە لەشارەكاندا. **ئەو دەڵێت**: بۆچارەسەركردنی تاوان؛ پێویستمان بە گیانی خۆشەویستی و هاوكاری و لێبوردەییە كە ئەمانە لە گوندەكاندا زیاترن تا شارەكان.

ئەو پێی وایە؛ ژیانی گوند سادەیە و ئامرازەكانی ئەنجامدانی تاوانی كەمە. هەروەها هەتا مرۆڤ لەناو سۆز و خۆشەویستی و خێزانێكی جێگیردا بێت و پەیوەندییەكی بەهێزی لەگەڵ خزم و هاوڕێی و هاوكارانی هەبێت كەمتر توشی بێزاری و خەمۆكی و تاوان دەبێت .

ئەمانە لەشاردا بونی نییە یان زۆر لاوازە. ئەوەی دەبێتە هۆی زۆربوونی تاوان بریتین لە (خێزانی ناجێگر، پەیوەندی بەرژەوەندی خوازی، نەبوونی گیانی هاوكاری، هەستكردن بە بێ پشتوانی....) و ئەمەش لە سیما دیارەكانی ژیانی شارییە. بۆیە كاریگەری دەبێت لەسەر زیادكردنی تاوان و لادان.

ئەو دەڵێت: گوندنشینان كەمتر پێویستیان بە پارە هەیە بەهۆی ئەوەی كێشەی باج و كرێی نیشتەجێ بوونیان لەسەر نییە یان زۆر كەمە. ئەوان كەمتر بەدوای خۆڕازاندنەوەن و بە شتی ئاسایی و هەرزان ڕازین.

هەرتاكێك لەگوند ئەگەر توشی كێشەیەكی ئابوری بێت؛ خزم و خێزان و هاوڕێكانی هاوكاری دەكەن و لەو قەیرانە ڕزگاری دەكەن؛ بەڵام لەشاردا بەتەواوی پێچەوانەیە و كەس ئاوڕی لێناداتەوە.

لە گوندا؛ تاکەکان هەست بە پشتیوان و دڵسۆزی دەکەن و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوانیان هەیە. بەڵام؛ لەشار پێچەوانەیە، ئەمە وا لە شارنشینەکان دەکات ڕقیان لە کۆمەڵگە بێت و بیانەوێت تۆڵەی لێبکەنەوە.

سیلین پێی وایە؛ مرۆڤی گوند خاوەن کەسایەتییەکی دامەزراوترە و کەمتر لاسایی خەڵك دەکاتەوە، ئەمەش وای لێدەکات بۆ کەرەستە مادییەکان؛ کاریگەر نەبێت و ژیانی بەلاوە سەخت نەبێت. گوندنشینان کەمتر پێویستیان بە ئامرازەکانی گواستنەوەیە چونکە شوێنی کار و ماڵەوەیان لەیەکەوە نزیکە. هەروەها بەهۆی ئەو پەیوەندییە خزمایەتی و کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی پێویستی بە یانەی شەوانە و ناوەندەکانی سەرگەرمی نییە.

زۆرینەی گوندنشینان لەگەڵ خێزانەکەی ئاسودەیە و پێویستی بە پەیوەندی سێکسیتر نییە. خەڵکی خراپ لە گونددا کەمترە و وەك سروشتەکەی سادە و خاکین. خراپەکان لە گونددا کەسایەتیەکی ناشرینیان هەیە و ناتوانن ببنە باند و گروپ، ناتوانن کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دابنێن.

تەنانەت لە هەموو وڵاتێکی سەرمایەداری گوندنشینەکان کەمتر وابەستە و دارەدەستی ئەو سیستەمەن. لە ڕووی نایەکسانی و چینایەتییەوە گوندنشینەکان زۆربەیان لە یەك چینی کۆمەڵایەتین و ئاستی خەڵکەکەی لە زۆربەی بوارەکانی ژیان نزیك و هاوتان بەیەکتر.

بەڵام لە شاردا بەو جۆرە نییە و هەژارەکان سەربای ئەوەی بەشخوراون؛ سەرمایەداران و چینی سەرەوە بە کەمتر لەخۆیان لێیان دەڕوانن. هەژاران لە زۆربەی دەرفەتە کۆمەڵایەتییەکان بێ بەشن. چەند چینێك لەشارەکاندا هەن؛ ئەندامانی ئەم چینانەش دەیانەوێیت بگوازرێنەوە بۆ چینێکی بەرزتر بۆیە زۆرجار لە دەرفەتە ڕەواکان بێ بەشن و هەندێکیان پەنا دەبەنە بەر دەرفەتە ناڕەواکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

ئەم تیۆرە، هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی بەهۆکاری تاوان دەزانێت و پێی وایە بە ئەندازەی لاوازبونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی؛ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی زیاد دەبێت. بەو ئەندازەش ویژدان لاواز دەبێت و تاوان زیاد دەکات.

تۆرستن سیلین داوای دروستکردنی گیانی هاوکاری و تەبایی دەکات، پێی وایە بۆ چەسپاندنی خۆشەویستی و خاکی بوون دەبێت بگەڕێینەوە بۆ شێوازی پەروەردەی گوندییانە و لە سیستەمی شار و سەرمایەداری دووربکەوینەوە.

ئەم تیۆرە دەڵێت (هەر پێشکەوتنێکی تەکنۆلۆژیا شێوە و مۆدێلێکی نوێی تاوان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەر سیمایەکی شارنشینی؛ تاوانێکی بە دواوەوەیە.

**ئەم تیۆرە چەند ڕەخنەیەکی لێگیراوە کە بریتین لەوەی:**

١- ناکرێت تەنها یەك هۆکار هەبێت بۆ تاوانکردن و ئەگەر وابێت هەموو شارنشینەکان تاوانکارن و گوندنشیانان بێ تاوانن لەکاتێکدا بەهۆی داخراوی کەلتور و نەریتی بوونی هاوڵاتیان زۆر جۆرە تاوان لە گوندەکان ڕودەدەن کە لەشارەکاندا ڕونادەن.

٢- لەم سەردەمەدا جیاوازی شێوەی ژیانی گوند و شار زۆر کەم بۆتەوە و جیاوازییەکە بەو ئەندازەیە قوڵ نییە کە تۆرستن باسی دەکات.

٣- ئایا بۆ ئەوتاکانەی لە ژینگەیەکی هەڵوەشاوەی کۆمەڵایەتین هەندێکیان دەبنە تاوانکار و هەندێکیان نابن؟ هەروەها ئەم تیۆرە تەنها لەسەر شارە ئەمریکییەکان تاقیکراوەتەوە و ناکرێت هەموو شارەکانی جیهان وەك شارە ئەمریکییەکان بخوێنرێتەوە.

٤- ئەم تیۆرە هەموو شارە سەرمایەدارییەکان و نا سەرمایەدارییەکان وەك یەك سەیردەکات، بەڵام هەموو شارەکان بەیەك ئەندازە کەلتوری شارنشینی و ماددەگەراییان نییە.

٥- ئەندازەی (کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، هەبوونی سەرچاوەی بژێوی و کار، ژمارە دانیشتوان، پابەندی خەڵکی شار بە ئاین و جۆری ئاین، کەلتوری کۆمەڵگە، ئەندازەی جێگیری خێزان و ژمارەی منداڵی ڕەوا و ناڕەوا، ...)ی شارەکان لێکجیاوازن و ناکرێت وەك یەك سەیربکرێن..... بەڵام سەرباری هەموو ڕەخنەکان دەکرێت بڵێین هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی سەرەکی و گەورەیە لە دروستبوونی تاوان.

**تاوانی یەخەسپی White-Collar crime :**

ئیدوین سوسەرلاند، یەکەم کەس بوو ئەم چەمکەی بەکارهێنا لە میانەی وتارێکیدا لە زانکۆی فیلادلفیا لە ئەمریکا لە بەرواری 27 دیسەمبەری 1939. گوتی : پۆلیس تەنها چاوی بڕیوەتە تاوانی هاوڵاتیانی چینی خوارەوە؛ ئەوەی لەبیر چووە کە پیاوە بازرگانەکان و دەسەڵتداران تەنها بە نوکی قەڵەمێك گەورەترین تاوان ئەنجام دەدەن.

مەبەستی لە یەخەسپی ئەوەیە کە تاوانباران چاکەت و کراسی سپی لەبەر دەکەن و خاوەن پۆست و دەسەڵاتن، تاوانی ئەمانە گەورەتر و کاریگەرترە لەسەر ئایندەی وڵات و چینی زۆرینەی کۆمەڵگە.

**تایبەتمەندییەکانی تاوانی یەخەسپی:**

١- لەلایەن خاوەن دەسەڵات و سەرمایەدارەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

٢- بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ؛ بەپاساوی یاسایی و نوسراوی فەرمی ئەنجام دەدرێت.

٣- ئامانجی سەرەکی بەدەستهێنانی پارە و سامانە؛ خوێنی تێدا نارژێت.

٤- بەتایبەت دژی یەك کەس یان گروپێگ ئەنجام نادرێت؛ بەڵکو دژی بەرژەوەندی گشتیی ئەنجام دەدرێت.

٥- ئەنجامدەران لەشێوەی دەستەیەکی سەرو یاسان، هەڵەکانی یەك دەپۆشن و سامانی گەل لەنێوان خۆیان بەش دەکەن.

٦- ئەم تاوانە شوێنەواری زۆر قوڵتری هەیە لە جۆرەکانی تری تاوان چونکە قوربانییەکانی ئەم تاوانە زۆرن.

٧- ئەوانەی ئەم تاوانە ئەنجام دەدەن خۆیان وەك تاوانبار نابینن، بەپێویستی دەزانن ڕێزیان بگیرێت و ماف بەخۆیان دەدەن بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانە.

٨- تاوانێکی ڕێکخراوە و بە پلان ئەنجام دەدرێت؛ تاوانبار لەماوەیەکی کەم قازانجێکی زۆر دەکات.

**جۆرەکانی تاوانی یەخەسپی :**

تەزویرکردن، پیلانگێڕی بۆ کەمکردنەوەی خەرجی پڕۆژەکان، دزینی پارەی گەل، تاوانی ئەلیکترۆنی، بازرگانی ژێربەژێر، فێڵکردن لە بانك، گزی و تەڵەکەبازی، نەدانی باج و خۆشاردنەوە لێی.